کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-6-2007 21:14بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کەرکوك

## کردنەوەی مەکتەبی بارزانی لە کەرکوک زۆر لە برینەکان دەوا دەکات ... کاوێژمەلاپەروێز

بۆ جارێکی تر بە نوسینی ئەم ووتارە روانگەم دەخەمە روو: دەگەرێمەوە بۆ پێشنیارێك کە لە رێکەوتی (2005\10\21) ی ژمارە (1952) رۆژنامەی خەبات لە ژێر ناونیشانی (لە ژێر سێبەری سەرۆك بارزانیدا مەینەتییەکانی کەرکوك سارێژ دەبی) خستە روو ئەمێستاش لەبەر کەمی کاتی ماوەی دیاری کراو بۆچارەسەر کردنی پرسی کەرکوك لە چوارچێوەی مادەی 140بە دوا هەلی دەزانم روانگەم بۆ جارێکی تر لەسەر هەمان پرس بخەمە روو.



ئەو کات پێشنیارم کرد کە جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ ئەوەی راستی رووداوەکانی کەرکوکی وەك خۆی بی کەم و زیاد پی بگات باش وایە مەکتەبێك لە شاری کەرکوك بکاتەوە. ئەم پێشنیارەشم لە روانگەی ئەو راستیەوە دی کە ئۆمێد لە چارەسەر کردنی پرسی کەرکوك لە گرتنە دەستی ئەم مەلەفەیە لە لایەن سەرۆکەوە، ئەزمونی چوار سالی کەرکوکیش ئەو راستیەی دەرخست زۆر و زەوەندی کێشەکان و گەورەیی پرسی کەرکوك چارەسەر و تێپەراندنی زۆری ئەو کێشانە دەستی راستەوخۆی سەرۆکی گەرەکە.

لە چوارسالی رابردوو ئەز وەك کەرکوکیەك کە دوای پرۆسە لە کەرکوك ژیانم دەگوزرێنم و بایی بەشی خۆم لە رووداوەکان یان ئاگادارم یانیش بۆ خۆم تێیدام کە ئەم واقعە لە کەرکوك خەریکە بۆ دۆخێکی مەترسیدارمان دەبات ئەویش کوردی کەرکوك گەر بە ژمارەش کەم بن وەلی دەنگێك هەیە بۆ ئەوەی داوای بە فیدرالی کردنی کەرکوك بکەن کە خەریکە ئەم دەنگە نەبیستراوە پەرەدەسێنی، یان زۆر جار بەرپرسان لە کەرکوك لە ئاست تموحی بەرزی کەرکوکیەکان نەبوون کە لەسەر ستەم و زوڵمی 35 ساڵ هەڵجێنرابوو هیوایەك بۆ رزگاری خەونێك بۆ ژیانی دوای بەعس و سەدام ئەم ژیانە نەبوو کە کەرکوکیەکان رووبەرووی بوونەوە، سەرباری هەندی بەرپرسان لە کەرکوك هەندە تەموحی بەرزیان بە کەرکوکیەکان دا کە لەئاستی توانای حکومەتی کوردستان نەبوو جیبەجی بکری بە واتایەکی تر وێرانی ئەم شارە هەندە کاریگەرە مومکین نییە بەو ئیمکاناتە محدودەی حکومەتی کوردستان بتوانری وێرانی 35 سالی سیاسەتی کاولکاری بەعس بەو ماوە کورتە چاك بکاتەوە بە تایبەت کاوڵکردنی کەسایەتی کەرکوکی کە کاری لە سەر نەکرا.

ئەو کات هۆکارم زۆر خستنە روو بۆ کردنەوەی مەکتەبی بارزانی لە کەرکوك جارێکی تر هەمان روانگە دەخەمە روو:

کردنەوەی ئەم مەکتەبە کە تەنیا مەتلەبی من نیە بەلکۆ زۆرێك هەن هەم چارەسەری ئەم پرسە لەوەدا دەدۆزن هەمیش بۆ نەهێلانی زۆر گیروگرفت کاریگەر و دەرمانە.

زانراوە کێبرکێی پارتی و یەکێتی چ زیانێکی بە دۆخی کەرکوك گەیاند لە سەرەتاوە بۆ ئێستا، هەندی نمونەی ئەو کات دەخەمە روو کە لە پۆست و پایە ئیدارییەکانی کەرکوك کێبرکێی هەردوولا چەند پۆستێکی لە دەست خستین وەك قامیقامی قەزای داقوق وبەرێوەبەری ناحییەی لەیلان وئالیشە و گرفتی سەرۆکی شارەوانی قەرەهەنجیر کە تا ئێستاش چارەسەر نەکراوە و زیانێکی زۆریشی بە خەلکی ئەو ناوچەیە گەیاندووە لە رووی کاری خزمەتگوزارییەوە لە پۆلیس و پەروەردەش بە هەمان شێوە زیانمان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

زۆر لێکەوت و دوا کەوتنی جێگری پارێزگاری کەرکوك هەندی سەرچاوە بۆ ناکۆکی بیروڕای پارتی و یەکێتی دەیگێڕنەوە کە لایەك لەو دوو لایە پیی باشە ئەو پۆستە بدرێتە بەرەی بە ناو تورکمانی، کە دواتر قسەم لە سەر ئەو خیلافە قولە هەیە کە رەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر شەقامی کەرکوك جێهێشتوە.

بەرپرس لە کەرکوك لە هەردوو بواری ئیداری و حزبی گرنگە روانگەیەکی نەتەوەیی بۆ پرسی ئێستای کەرکوك و ئایندەی ئەم شارە هەبی بۆ چارەسەرکردنی زۆر لە گرفتەکان نەك ئەو روانگەیە کە روانگەیەکی بەرتەسکی حزبی بووە لەمەش خراپتر ووردەکاری ئەمە قسەی سەر لاپەرەی رۆژنامە نیە ئەوەیە کە روانگەکان زۆر لەوە تەسکترن لە بەرژوەندی حزبیش دەرچووە بووەتە بەرژوەندی و میزاجی کەسێتی بەرپرس بۆ ئەمەش نمونەم زۆرە؟!.

لی پەرۆشی و تێگەیشتنم بۆ رووداوەکان وا دەکات پێداگری بکەم لەسەر ئەو داوایە کە دەزانم ئەنجامێکی باش بە دەستەوە ئەدات نەك لەسەر ئاستی شەقامی کوردی کەرکوکی بەلکۆ لەسەر ئاستی شەقامی عەرەبی و تورکمانی کەرکوکیش، کە ئەوە من نیم ئەو مێژووە دەنوسمەوە ئەو حەقیقەتی مێژوو خۆیەتی مەقامی سەرۆك بارزانی لە نێو عەرەب و پێکهاتەکانی تری کەرکوك بەرزەو جێگای متمانەیە کە ئەو مەکتەبە دەتوانی پردێکی پر لە متمانەی تەواوی پێکهاتەکانی کەرکوك بێت و ئەو حەساسیەتە برەوێنێتەوە کە بەسەر سیمای ئەم شارەدا بالیکێشاوە و رۆلی ئەو دەوڵەت و لایەنانەیش کەمکاتەوە کە بونیان لە کەرکوك بە کۆمەلی وەسیلە هەیە بۆ تێکدانی ئایندەی خواستراوی کەرکوك کە گەرانەوەیەتی بۆ سەر کوردستان.

دیوێکی تری ئەو داوایە کە بەلای منەوە زۆر گرنگە کوردی کەرکوك متمانەی زیاتر بە خۆی و ئایندەی دەبی وە کاریگەری باش بۆ دروستکردنی کەسایەتی کەرکوکی جی دێلی و پشتیوانیەکی مەعنەوی بۆ قەزییەی کەرکوك دەخولڤێنی کە زۆرترین گازاندەی ئەمرۆی خەلکی کەرکوك لە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ئەوەیە کە بی ئاگا و دوورن لە مەینەتی گوزەرانی کەرکوکیەکان ئەگەر راستگۆ بین دەبی راشکاوانە بدوێین خەلکی کەرکوك لە خوێندنەوەی بۆ چارەنوسی شارەکەی ئەم ژیانەی ئێستای دوور لە سادەترین خزمەتگوزاری قبول دەکات و بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی رابردوو باشترین نمونەی خۆراگری کەرکوکیەکانە، وەلی لە هەڵەو کەموکورتی بەرپرسانی حزبی کەرکوك گلەییان زۆرە بە لایەنگران و ئەندامانی حزبیشەوە لە هەردوو حزبەکە.

زۆر خالی تر هەن کە سادەن وەلی بۆ ئەمرۆی ئەم دۆخەی کەرکوك پر واتاو گرنگن یەك لەو خاڵانە هەستکردنی خەلکی کەرکوکە بەوەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە تایبەت سەرۆك بارزانی لە نزیکەوە بەشدارە لە مەینەتیەکانیان، خۆ هەر نەبی ئەو راستیە تاڵانە رۆژانە بە جەنابی دەگات کە رووبەرووی خەلکی کەرکوك دەبێتەوە.

راستیەکی تر هەیە کە کەس بەلایدا ناروات ئەوەیە یەك سەرچاوەی حزبی لە شاردا نیە بۆ بریاردان لەسەر زۆر شتی گرنگ بەرپرسانی حزبەکانش ئەمرۆ لە ئاستی ئەوەدا نین بتوانن ببنە چەترێك سەرجەمی ئەو دەزگایانە ئاراستە بکەن و لە دەوری خۆیان کۆیانکەنەوە کە ئەرك و کاری ئەوانیش نیە بۆیە کردنەوەی ئەو مەکتەبە ئەم گرفتە کە جیاوازی راو بۆچونی دەزگا جۆراوجۆراکان یەکدەخات لەم پەرش و بلاوییەش رزگاریان دەکات هەر لایەك ئەگەر لە چوارچێوەی یەك حزبیشدا بی بە کەیفی خۆی سیاسەت دانارێژی کە زۆر جار پێچەوانەی دنیا بینی سیاسەتی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەم شارە زۆر دەزگای کوردستانی بە ئاراستەیەکدا کار دەکات هاوشێوەی نەهجی بەرەی تورکمانیە ئێمە لە ئیعلام ئەزمونی دەوڵەمەندمان هەیە؟!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەر لە چوارچێوەی ئەو جیاوازیيانە بەرپرسانی دەزگایەکانی کەرکوک هەریەکەو بە لایەکەدا سیاسەت دەکات کە سادەترین نمونە پرسی بەرەی بە ناو تورکمانیە هەن پێیان وایە تا ئەو بەرەیە ڕازی نەکرێت کەرکوک ناگەرێتەوە سەر کوردستان هەنیش بە منیشەوە ڕام وایە ئەو بەرەیە سیاسەتی تەعبیرە لە سیاسەتی میتی تورکیا کە ئامانجیان پەك خستنی پرۆسەی سیاسیە لە کەرکوك و نەگەرانەوەی بۆ سەر کوردستان کە هیچ جۆرە گفتوگۆیەك داد نادات، زۆری تر کە خیلاف دەخولقێنی و بیروراکان لێك دوور دەکات کە ئەنجام بە زیانی ئایندەی کەرکوك دەشکێتەوە لێرەوایە مەبەستی ئەو داوایە بۆ کردنەوەی مەکتەبی سەرۆك بارزانی لە کەرکوك کە دەتوانی ناکۆکی نەهێلی و هەموان لە ژێر یەك چەتر کۆکاتەوە و ئاراستەمان بکات بۆ ئامانجێك کە ئایندەی کەرکوکە و بەرژوەندی هەمووان لە چوارچێوەی ئەو ئایندەیە زامن دەکات.

کات لە خزمەتی ئەم پرۆسەیە نیەکە ئێمە لە ئەنجامەکەی دەروانین کەرکوکیش هەر شۆریجە و رەحیمئاوا و چەند گەرەکێکی کوردی نشین نییە پانتایەکی زۆری کەرکوك لە ژێر دەستی نەیارانی کورد و گروپە تیرۆرستیەکانە کە خۆیان بۆ دوا ساتی پرۆسەکە ئامادەکردوە دەست بوەشێنن و پرۆسەکە پەکبخەن هەر نەبی لەو شوێنانە کە ئەوان تێدا بالادەستن وەك قەزای حەویجە کە شۆر دەبێتەوە بۆ ناحییەی غیدا هاتە دەگاتە بەرزاییەکانی چیایی حەمرین، بیرشمان نەچی هەرلە نێو زۆر گەرەکی ئەم شارە کە لە ماوەی رابردوو بە زۆر و هەرەشەو کۆشتن ماڵە کوردەکانی تێدا وەدەر نران کە لە هەندی لەو گەرەکانە ژمارەی کورد کەمتر نەبووە لە هی عەرەب بەلام بە کاربردنی توندو تێژی و کوشتن وەهای کرد ئەو گەرەکانە پر ترس بن و دەرئەنجام کوردی تێدا نەمێنی، ئەو گەرەکانەیش دوور لە سایيەی حکومەت لانەی خەلکی خراکارە.

خولاسە دەکری ئەمەی خستمە روو هەر بۆچونێك بی وەلی زانیاری و ئەزمونی من لە ماوەی چوارسالی رابردووی کەرکوك ئەو راستیە دەردەخات کە ژیانکردن لە کەرکوك و واقعی نێو ئەم ژیانە شتێکە و ئەوەی باسی دەکری شتێکی ترە؟.

K_mlaprwez@yaoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.